Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)
ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

# ڕاپۆرتی سیاسی

نۆڤەمبەر

2013

## لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر سیستەمی کارگێڕیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتنە لە واقیعی کارگێڕیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی کەموکوورپییەکانیەتی، بە پشتبەستن بە زانیارییە مەیدانییەکان و پێویستییەکانی سیستەمێکی کارگێڕیی کارا و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان. بە مەبەستی باشتر و کاراتر کردنی حکوومەت و سیستەمە ئیدارییەکەی، پێشنیارەکانمان دەنووسین.

info@irdk.org
+964 66 257 6001
Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq
www.irdk.org

POLITICAL

# لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر سیستەمی کارگێڕیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

IRDK

## 1. ئامانج

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە تێگەیشتنە لە واقیعی کارگێڕیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەستنیشانکردنی کەموکووڕییەکانیەتی، بە پشتبەستن بە زانیارییە مەیدانییەکان و پێویستییەکانی سیستەمێکی کارگێڕیی کارا و گونجاو لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستان. بە مەبەستی باشتر و کاراتر کردنی حکوومەت و سیستەمە ئیدارییەکەی، پێشنیارەکانمان دەنووسین.

پێویستە بڵێین؛ لەم ڕاپۆرتەدا لانی هەرە کەمی گۆڕانکاریی و چاکسازیی کارگێڕیی پێشنیار کراون، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە دێت کە توانایی کۆمەڵگەکەمان و واقعی سیاسی ئاڵۆزی کوردستان، ڕێگە بە ئاڵوگۆڕی ریشەیی و پازهاویشتنی گەورە نادات. چاکسازیی بە ڕێچکەیەکی ئارام و کردەنی- بەڵام پتەودا تێدەپەڕێ. بۆ ئەوەش پێویستە هێزە سەرەکییەکانی ناو کۆمەڵگە پشتیوانی لێبکەن.

## 2. میتۆد

ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان - کوردستان (IRDK)، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەشێوەیەکی فراوان دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە و ڕا وەرگرتنی ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرەکانی ناو حکوومەت و چاودێرانی دەرەوەی سیستەمی کارگێڕیی؛ بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەکانی چاککردنی ئەدای کاری حکوومەت، واتە چاکسازیی کردن لە سیستەم و ڕوانگەی بیرۆکراتیی کوردستان لە بەڕێوەبردنی حکوومەتدا. بە تێکڕا ٤٢ کارشناس لەم ڕاپۆرتەدا بەشدار بوون؛ ١٣ بەڕێوەبەری گشتی لە هەرسێک پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، سێ کارشناس، سێ پەرلەمانتار (سەرۆکی لیژنە بوون)، چوار لێپرسراوی هەرسێک حزبی ئۆپۆزسیۆن، ١٥ ئاکادیمی و توێژەر .

## 3. شیکردنەوە و دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لەم خاڵانەی خوارە باسکراون.

## 3.1 بار و دۆخی سیستەمی کارگێڕیی و گیروگرفتەکانی

**یەک:** لە سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پۆستە سەرەکییەکانیدا، ڕوانگا و ڕامانی هاوبەش بۆ تەعریف و ئەرکی حکوومەت بەڕوونی نیە. ئەوەش وایکردووە پەرت و بڵاوی لە ڕوانگا و کار و بەرژەوەندییەکاندا هەبێت. لەوبارەوە پارێزگارێک دەڵێت: "**سیاسەتی ڕازی کردنی حزبەکان ڕوانگە تێکدەدات و نەتیجە دەبێتە ئەوە کە ڕوانگەی گشتی بوونی نەبێ،** هەروەها دابەشکردنی کار و دیسێنترالیزاسیۆن (لامەرکەزی) لە ئەنجوومەنی وەزیراندا هەیە بەڵام وەزیرانی حزبەکانی تر پەیڕەوی ناکەن". هەروەها بەڕێوەبەرێکی گشتی دەڵێت: "**تا ئێستا وەزیرێک بۆ وەزارەتەکەمان نەهاتووە کە لێی ڕازی بووبین، وەزیرەکان کێشە بۆ وەزارەتەکەمان زیاتر دەکەن**". بەڕێوەبەرێکی دیکە دەڵێت: "**هاوئاهەنگی زۆر لاوازە، سیستەمێکی ئەوتۆمان نییە ئەم کارانە ڕێکبخات. ئێمە زۆر لە ئیشەکانمان لەگەڵ ئیشی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دیکەدا ناکۆکە، ئەم گرفتە هیچ چارەیەکی سیستەماتیکی نییە، ڕێنماییەک نییە کە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات. کاتێک بەڵێندەرێک لە کارەکەی شکست دەهێنێ ئێمە تەنیا دەتوانین یەکەم و دووەم ئاگادارکرنەوەی پێبدەین، دوای ئەوە کارەکەی لێوەردەگیرێتەوە، کە ئەمەش کارێکە دائیرە حەزناکات خۆی بەو ئاقارەدا بەرێت، چونکە سەرەنجام پرۆژەکە دوادەکەوێ و دەمرێت. کەوادر لاوازن، نیزامی حەوافیز هەیە بەڵام ئەوەندە تەعلیماتی لەسەر دەرچووە شتەکەیان حەسر کردووە، بۆ چارەسەر کردنیشی هیچ نەکراوە. بۆیە بەردەوام ئەم شتانە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، زۆر جار دەگەمە ئەو قەناعەتە و دەڵێم ئێستا لە چەند ساڵێکی پێشوتر خەراپترە**."

**دوو:** ستافی بەڕێوەبەرایەتی لە حکوومەتدا ستافێکی پێگەیشتوو و کارامە و پسپۆڕ نییە، هەر بۆیە بە ستافێکی شارەزا حیساب ناکرێت، ئەوەش ڕێگەی بۆ دیاردەی گەندەڵی و مەحسوبیەت کردۆتەوە و تەوژمی خۆ هەڵپەساردن بەم و بەو حزب زیاتر دەکات. هەروەها زەمینە خۆش دەکات بۆ منافەسەی حزبی لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکوومەتدا. بەڕێوەبەرێکی گشتی لەوبارەوە گووتی: "**دەستتێوەردانی حزبی و لێپرسراوە دەسترۆیشتوەکان هیچ مەجال بۆ جێگۆرکێی باش ناهێڵنەوە و ئەگەر بەڕێوەبەر و بەدیلێکی باش بۆ پۆستێک هەبێت، لەبەر کەسوکاری لێپرسراوان و کادیرانی حزب، ڕێگەی پێنادرێ. دەستتێوەردانی سیاسی کوشندەیە**". بەڕێوەبەرێکی دیکە: "**هەمانە چاکیش کار دەکەن، لەوانەیە هەندێک ئیهتیمام بە مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و کەس وکار و ئەم شتانە بدات. پێویستە لیژنەیەک هەبێت موتابەعەی هەموو دایرەکان بکات، ئەم لێژنەیە هەقە لە سەرووی هەمووشمانەوە بێت**."

**سێ:** ئەنجومەنی وەزیران کە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ستافەکەی لێیدا کار دەکەن، لە ڕووی

قانوونی و ستراکتوریی، واتە لە ڕووی هەیکەلییەوە کەموکوڕیان زۆر تێدایە و ناگونجێن لەگەڵ سیستەمێکی بیرۆکراتی هاوچەرخ، بۆیە پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە.

کارشناسێک دەڵێت:" **سیستەمی کاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران یارمەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران نادات تا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی زانیارییەکانی پێبگات، هەر بۆیە وەزارەتەکان بە ئاوەڵایی بۆ وەزیرەکان بەجێ هێڵدراوە. ئەم واقیعە ڕێگا بە چاودێری ئیداریی و مالی نادات".**

بەڕێوەبەرێکی ناو ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێت:" **لە ئەنجومەنی وەزیراندا سیستەمێکی باوەڕپێکراو بۆ کۆکردنەوەی داتای وەزارەتەکان نییە، ئەو داتایانەی لە لایەن وەزیرەکانەوە دێت کەموکووڕتی تێدایە و جێی متمانە نییە، هیچ پێوەندیەکی دیکەیش لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو وەزارەتەکاندا نییە".**

وا دێتە بەرچاو، یەکێک لە گرفتە ئەساسییەکان بریتییە لە دەخالەتی حزب و کەسایەتییەکانی لە کاروباری حکوومەت و ڕازی نەبوونی حزب بەو نفوزەی لەرێگای پشکی خۆی لە حکوومەتدا هەیەتی.

**چوار:** جیلی نوێ لە کارمەندان و بەڕێوەبەرانی حکوومەت پەروەردە نەکراون. جیلی کۆنیش کە لە سیستەمی بیرۆکراتی حکوومەتی عێراقەوە ماونەتەوە، ژمارەیەکیان مردوون و ئەوەشی کە ماوە زۆر پیر بوونە و توانای کاریان کەمبۆتەوە. ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە خۆی سیستەمی بیرۆکراتی عێراق، سیستەمێکی بەرهەمهێن و کار ڕاپەڕێنەر نەبووە.

بەڕێوەبەرێکی گشتی دەڵێت: **"هیچ وەزیرێک ئاگای لە بنەما قانوونییەکانی کاری خۆی نییە. هیچ پرۆسەیەکی خۆئامادەکردنی پێش وەرگرتنی وەزارەت نابیندرێ. هەروەها بەڕێوەبەرێکی دیکە دەڵێت: ئێتیکی کار لە ناو کارمەندانی حکوومەت بریتییە لە زۆرترین سودمەندبوونی مادی لە سامانی گشتی و بە ڕێگەی نایاسایی. بەلای ئەوانەوە حکوومەت خزمەتکاری کارمەندەکانییەتی، نەک خەڵک".**

لەوەوە ئەو ڕاستیە دەردەکەوێ کە ڕۆلی سەرکردەکان لە داڕشتنی فەلسفەی حوکمداریی چەند چارەنووسسازە. پێویستە سەرکردە ڕوانگای واقیعیانەی هاوچەرخی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت هەبێت و تۆڕێکی پێویست لە توێژەر و خاوەن فیکر لە دەوروبەری هەبن، تاکو لە ئەرکەکانی چاکسازی و ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی و قۆناخەکانیدا بە هەڵەدا نەچێت.

**پێنج:** ئەو بەرچاولێڵییەی لە ڕوانگەی حکوومەتدا هەیە، ڕەنگ دەخاتە سەر چۆنیەتی یاسا و ڕێنوێنییەکانی. چونکە حکوومەت ڕوانگەی فەلسەفیانەی تایبەت بەخۆی نییە، بۆیە نازانێت چ قانوونێک دابنێت، جاری وا هەیە قانوونەکان لەناو خۆیاندا دژ بە یەکن.

وا دەخوازێت قانوون و ڕێنوێنیە بیرۆکراسیەکانی ئێستای کە سیستەمی سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر دامەزراوە؛ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا دەگاتە وەزارەتەکان چاوی پێدا بخشێندرێتەوە و بە پێی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەستکاری بکرێن.

**پۆستی بەڕێوەبەرێتی، کلیلی سیستەمی بیرۆکراسی باشە، گرفتی سیستەمی کارگێڕیی کوردستانیش لە ئاستی خراپی بەڕێوەبەرەکانیەتی.** بۆیە پێویستە دەزگایەکی پێگەیاندن بۆ ئامادەکردنی بەڕێوەبەرەکانی ناو حکوومەتی هەرێم دابمەزرێندرێت، کە ئەمە پێویستیەکی هاوچەرخە بۆ حکوومەتە باشەکان.

## 3.2 بۆچوونە تیئۆرییەکان

ئەو گرفتانەی باسیان لێکرا، پێویستە بە یارمەتی هەندێک تیئۆری باوەڕپێکراو، بیر لە چارەسەریان بکرێتەوە:


**یەکەم: پێویستە بە ڕوانگەی سیستەمیی تەماشای هەر گرفتێک بکەین و شێوازی پرۆژەیی بەلاوە بنێین.**

مەبەست لە بە سیستەم بیرکردنەوە؛ لەبەرچاوگرتنی گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە توانایی بیرکردنەوەمان پێدەدات؛ لە هەر دوو لایەنی ماکرۆ و میکرۆدا. ئەمەش بە واتای دیتن و تێگەیشتنی تەواوی پرۆسەکە دێت، کە لەوێدا هەم پرۆژەکان، هەم باری یاسایی، هەم فەلسەفەی وجوودی ئەو بیرۆکە و پلانە، هەم سازیی و دەزگای پێویست، هەم باری کارگێڕیی و موودیرییەت هەم ئامانج و ئاکامەکان دەکەونە ناو شیکردنەوە و حساب و پلان و سیاسەتداڕشتن.

**دووهەم: پێویستە ستراکتوری سەرەکی و گشتگیر بدۆزینەوە و لێیتێبگەین.**

لێرەدا دەستنیشانکردنی ستراکتوری سەرەکی لە کۆمەڵگەدا دێتەگۆڕێ، بەگوێرەی ئەم بۆچوونە، ستراکتوری هەرە سەردەست و بڕیاردەر **پێکهاتەی تەمەنیی دانیشتوانە**.

**ئەم ستراکتورە لە کوردستاندا بەگوێرەی نەخشەی خوارەوەیە:**




له ئێستادا زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان له تەمەنی منداڵی و گەنجیدان، بۆیە پێویستە له سیاسەتی حکوومەتدا، ئەو بوارانەی پەیوەستن بەو دوو جیله، بایەخیان پێبدرێ:

**تەندروستی:** سازکردن و گەشەپێدانی نەخۆشخانەکانی لەدایکبوون، باشتر کردنی کوالیتییان بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی مردنی منداڵانی ژێر تەمەن ٥ ساڵان. دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ ئەو گروپانە، دابینکردنی خزمەتگوزاریی باش بۆ دایکانی دووگیان.


**سیاسەت:** ژمارەی دایک و باوکەکانی ئەوانەن کە زۆرترین ژمارەی دەنگدەرانی ئێستای کوردستانن.

**پەروەردەی کۆمەڵایەتی:** چاپی کتێب و گەشەپێدانی تکنۆلۆجیای ئەو بوارە بۆ منداڵانی ٥ تا ١٠ساڵان (ئەمە کەموکوورتیەکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردستانی ئێستایە).

له وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵادا پەروەدەی نیشتمانی غائیبە و فەلسەفەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی بۆ پەروەردەکردنی جیلی نوێ بوونی نییە هەربۆیە ئەوانەی لەم دوو دەزگا گرنگە دەردەچن و دێنە ناو کۆمەڵگە، له رووی کەفائەت و شارەزایی و ئینتیماوە گرفتیان پێوەدیارە. بۆیە باشترکردنی خوێندنی سەرەتایی سەرمایەگوزارییەکی پێویستە بۆ زۆرینەی دانیشتوانی وڵات کە بریتین له منداڵ و گەنجان. (له راپۆرتێکی پەروەردەییدا ئەم پێشنیارانە لێیان کۆڵدراوەتەوە، دوایی پێتاندەگات).

**قۆناغبەندیی سەرمایەگوزاریی:** پێویستە سەرمایەگوزاریی لەسەر ئەم گروپە بکرێ و پێداویستییەکانیان دابینبکرێ و حازربکرێن بۆ بازاری کار، بە تایبەتی بە رێگای خۆێندنی پیشەیی کە بە کوالیتی باش دەکرێت. ئەو سەرمایەگوزارییە لە کاتی هاتنیان بۆ ناو بازاری کار، دەتوانن وڵات بکەن بە پیشەسازیی، وەک هێزی کاری بە کوالیتە دەبنە هۆی راکێشانی (FDI

سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆی دەرەکی) ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای تیئۆریی سیکلی ئابووریی ژیانی مرۆڤ دامەزراوە:




بەپێی ئەم تیئۆرییە دانیشتوانی وڵاتی ئێمە بە گشتی بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕن. ئێستا زۆرینەیان منداڵ و گەنجانن و لە تەمەنی بەکاربەریدان کە دەبێ خزمەتیان بکرێ، گەورەترین خزمەتیش گەشەی توانایی مرۆییانەیە.

**لە قۆناغی یەکەمدا:**

- ڕەوتی کۆچی خەڵک بۆ ناو شارەکان و بە تایبەتی گەنجان ڕوو لە زیاد بوون دەکات.
- هێزی کاری مرۆیی بۆ کشتوکاڵ کردن لە گوندەکان کەم دەبێتەوە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، پێویستە کشتوکاڵ بە سەرمایەی گەورە بەگەڕبکەوێ.
- سەرمایەگوزاری لەسەر پرۆژەی نیشتەجێبوون دادەندرێ، دابینکردنی پێداویستی بەرچاو بۆ نیشتەجیبوون، دەبێتە بناغەی دروستبوونی کۆمپانیای خۆماڵی.
- بە ستاندارد کردنی چۆنیەتی ڕێگاوبانەکان، جۆری خانوو، پلانی شارسازیی و ...هتد.

**قۆناغی دووەم:**

ئەوکاتەیە کە زۆرینەی دانیشتوان لە تەمەنی کارکردندا دەبن و دەبێ کاریان بە کوالیتەی باش بۆ دابین بکرێ. لێرەوە وڵات بە پیشەسازیی دەکرێ، گەشەی ئەم هێزە لە ساڵانی داهاتوودا بەم شێوەیە دەبێ:




ئەم ژمارە زۆر ئەگەر لە ئێستاوە کوالیتی بەرزیان وەدەستخست، بەتایبەتی بە خوێندنی پیشەیی، ئەو کات دەبنە مۆتۆری پێشکەوتن و گەشەسەندن. وەک نموونەی کۆریای باشوور. ئەگەر هاتوو لە ئێستاوە بەم ئەرکە هەڵنەستین، مەترسی ئەوە هەیە ئەمانە ببنە هێزی تێکدەر، وەک نموونەی عەربستانی سعوودی کە لە ئابووریی جیهانی کاردا جێیان نابێتەوە. لەم قۆناغەدا سەرمایەگوزاریی لەسەر: ئەو بوارانە پێویستە:

- **زانستی بانک و بانکاری.**
- **پاشەکەوت کردنی سەرمایە.**
- **دارشتنی ژێرخانی سەنگین.**

**لە قۆناغی سێیەمدا:** کە زۆرینەی ئەو جیلە دەڕۆن بەرەو تەمەنی پیریی، ئەوکات پێویستەسەرمایەگوزاریی سەرەکیمان لەسەر خوێندنی باڵا و داهێنان و پێراگەیشتن بە پیرەکانمان بێت.

**سێیەم: پێناسەی حکوومەت لە سیستەمی کارگێریی و ئابووریدا ساغ بکەینەوە.**

پێناسەی حکوومەت کە پێیدەگوترێ دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن، جێکردنەوەی گشت لایەنەکانە لە ڕێگای نوێنەرەکانیان، بۆ سازش لە ئەجێندای جیاوازەوە بەرەو سازانێک (توافق) بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی یەکگرتوو بۆ ئیدارەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات.

حکوومەتی ئەم سەردەمە لە پەیوەندی لەگەڵ ئابووریی و بازاردا پێناسە دەکرێ، تەجرەبەی زۆربەی وڵاتان (لانی کەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا) دەریخستووە کە باوەڕبوون بە پلاندانان و ئیدارەی ئابووریی لە لایەن حکوومەتەوە، بووەتە مایەی دارمانی ئابووریی و ناکارامەیی سیاسی . **هەروەها ئەو بۆچوونەی پێیوایە بازاڕ خۆی خۆی ئیدارە دەکات و حکوومەت نابێ دەخالەتی تێدا بکات، زۆر جاران هەڵەبوونی خۆی سەلماندووە.** بۆیە ئەم تێگەیشتنە بۆخۆی دژی پێناسەی بازاڕە. بازاڕ

دیاردەیەکی مێژوویيە (یانی لە پرۆسەیەکدا پێکدێت و پێدەگات و شکل دەگرێ)، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە (بە مانای پێناسەی پەیوەندی مرۆڤەکان، شەریکات، ئاکتۆری جیاواز و ڕادەی متمانەی ئەوان بە یەکتر و بە سیستەمی سیاسی و ئابووریی وڵات دیار دەکات)، بازاڕ لە لایەن ئاکتۆر، کاربەدەست و دەوڵەتی جیاوازەوە ساز دەکرێ و شکڵی پێدەدرێ. کەوابوو نەک هەر حکوومەت ناتوانێ بەشدار نەبێ بەڵکو ئەرکی سەرشانییەتی کە کەماسییە بنەڕەتییەکانی و ستراکتورەکانی بازاڕ بە گشتی و بەشە بازاڕەکان چارەسەر بکات، وەک نموونەی سەرکەوتووی دەوڵەتی کۆریای باشوور. بۆیە دەوڵەتی ئێمەش دەبێ لە دابینکردنی کەموکوڕیەکانی بازاڕدا، وەک دەستگەیشتنی بازاڕ بە سەرچاوەی مالی و فینانس، گەشەی مرۆڤی، گەشەی پێکهاتە و کوالیتی زانست، وەک بڕیاردەرترین فاکتۆری گەشەی ئابووریی دەور ببینێ.

## 4. ئەنجام و ڕێنوێنییەکان

1. دیاریی کردن و بە یاسایی کردنی دوو ئەرکی سەرۆکی کابینە، یەکەم: وەک بەرپرسی یەکەی ئیداریی ئەنجوومەنی وەزیران، دووەم: وەک سەرۆکی کابینە.
2. ستافی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بنەمای خوێندەواری و پسپۆری و شارەزایی دانەندراون، بەڵکو مەحسوبیەت و مەزاج و مونافەسە لەوێدا کاریگەرن، ئەوەش وادەکات کە خودی ستافەکە لاواز بێت. بڕیارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دوادەخرێن، یان دەستکاری و تەعدیل لە جێبەجێ کردنیان دەکرێ؛ کە ئەوەش لەگەڵ سیستەمێکی بیرۆکرات و کارای چالاک ناگونجێت.
3. پێویستە هەمیشە تۆڕێکی پێویست لە توێژەر و خاوەن فیکر لە دەوروبەری سەرۆکایەتی حکوومەتدا هەبن، تا هەر یەکە لە بواری خۆی و بە پێی پسپۆڕی خۆی دیاردەکان و پێویستیەکان دیراسە بکات، بەبێ ئەوەی مەیلی شەخسی و تەوەجوهی حزبی زۆر تێدا بێت.
4. پێویستە هەر وەزیرێک لەهەر حزب و لایەنێکەوە بێت، لەو وەزارەتەی کە بۆی دەچێ، لانی کەمی شارەزایی و زانایی هەبێت، لەو بوارەدا خوێندبێتی، پێویستە وەزیر پێش ئەوەی دەست بەکار بکات گفتوگۆی لەگەڵ بکرێت، ئایا بە کەڵکی وەزارەتەکە دێت یان ڕەتبکرێتەوە. گەر پەسەند کرا پێویستە ماوەیەکی دیاریکراو هاوکاری بکرێت تا لە کاروباری وەزارەتەکە شارەزا ببێت.
5. پێویستە ڕاگەیاندنێکی زانا شارەزا و زیرەک و هاوکار، لە تەنیشت حکوومەتەوە هەبێت، تاوەکو پەیوەندی نێوان حکوومەت و خەڵک دروست بکات.
6. هاوکاری نێوان حکوومەت و پەرلەمان پێویستە پێداچوونەوەی پێدا بکرێ، ئەو هاوکاریەش پێویستە بخرێتە سەر ڕێچکەیەکی عەمەلی کە لە خزمەتی گەشەسەندن و دیموکراسیدا بێت.

7. پێویستە دیسیپلینی بوودجە لەبەرچاوبگیرێ. بوودجەی حکوومەتی هەرێم کوردستان کە ساڵانە دیاری دەکرێت، پێویستە دەستکاری نەکرێ؛ واتە کاتێک بۆ وەزارەتەکان و پرۆژەکان بوودجە دادەندرێت وەزارەتی دارایی حەقی نەبێ دوای نێوەی ساڵ یان دوای چەند مانگێک، بە کەیفی خۆی پارەیان لێببرێ و پرۆژەکانیان لێ خەراپ بکات. ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی لە کاتی دیراسەکردنمان بۆ بەرێوەبەرایەتییەکانی سەرانسەری کوردستان، گلەیی لە سەر هەبوو.

**حوکمڕانی باش لە ڕێگای:**

**یەکەم:** ڕێفۆرم لە کەرتی گشتیدا بە دامەزراندنی ناوەندێکی گەورەی بەرچاو بۆ گەشەی مرۆیی بۆ کارمەند و بەرپرسە کلیلییەکانی وزارەتەکان و بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

ڕێفۆرم لە بەرنامەی تواناسازییدا بکرێ، کە ئێستا بە گوێرەی ئەولەوییاتی دیمۆگرافیکی وڵاتی ئێمە، زیاتر بە کەمالییات دەچێ تاکو چارەسەری پرسی هێزی کار و بازاری کار. بۆیە بۆچوونی سەرەکی دەبێ بریتی بێت لە هێنانی زانست بۆ ناو کوردستان و پەروەردەکردنی کادرەکان لەناوەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

**دووەم** :ئەگەر بڕیاربێ خوێندکارێک بچێتە دەرەوە، ئەم سەلاحییەتە بدرێتە زانکۆکان و بوودجەیان هەبێ کە چەند کەسێکی بە ڕاستی سەرکەوتوو بۆ دکتۆرا بنێردرێنە دەرەوە.

**سێیەم:** دەستەڵات بدرێتە وەزارەتەکان بۆ ناردنی کەسانی کلیلی خۆیان بۆ دەورەی پێویست و دەستنیشان کراو لە دەرەوەی وڵات. وەزیر و وەزارەتەکەی ڕاسپێردرێن کە کۆمیتەیەکی بە پسپۆریی جیاواز پێکبهێندرێت بۆ ئیدارەکردنی ئەرکەکانی وەزارەت، ئەگەر ئەو پسپۆرییە جیاوازانە لە وەزارەتدا نەبوون، کەسانی شیاو بۆ ئەو پسپۆرییانە پەروەردە بکرێن تاکو وەزارەت و وەزیر بتوانن تیمێکی بە کوالیتی مەنیجمێنت بۆ وەزارەت ساز بکەن.

**چوارەم:** بە یاسایی کردنی بەرپرسی حیسابات لە هەر یەکەیەکی ئیداریی لە کابینەڕا تا پەرلمان و وەزارەتەکان و بەرێوەبەرە گشتییەکان و بەرەو خوارەوە (لە جیاتی کۆمیسیۆنی چاودێری دارایی بۆ گشت حیساباتی کەرتی گشتی)؛ بە شێوەیەک کە لە بەرانبەر یاسا و مەحکەمەی ئاسایی دا بەرپرسیارەتیان هەبێ بە نیسبەت دروستی حەساباتی ئەو یەکەیە.

ئەم ڕیفۆرمە قازانجی ئەوەیە لە پەرلەماندا، پەرلەمانتاران چیتر دەوری حیسابدار ناگێرێن کە موناقەشەی یەک بە یەکی پۆستە مالییەکان لە ڕاپۆرتی مالیدا بکەن، بەڵکو لەسەر سیاسەتی دابەشکردنی بوودجە بە نیسبەت ئەولەوییاتی سیاسی خۆیانەوە قسان دەکەن. ئەوجا خەڵک لە مناقەشاتی بوودجە تێدەگەن و دەتوانن بریار لە باشی و خەراپی سیاسەتی لایەنەکان بدەن، ئەمە

دەبێتە هۆیەک کە پێویستیمان بە چاودێریی مالی و نەزاهە و غیرە نەبێ، هەر ئەو سیستەمە حسابدارییە نوێیە وڵامدەربێ بۆ ویستی گشتی لەسەر پرسی شەفافییەت و کەمکردنەوەی "گەندەڵی".

**پێنجەم** :بە نیوەکردنی ژمارەی کارمەندانی کەرتی گشتی، لە ڕێگای دامەزراندنی شەریکەی سەر بە کەرتی گشتی و گواستنەوەی هێزی کار بۆ ناو ئەو شەریکانە.

**شەشەم:** بە گەشەی بەرچاوی خوێندنی پیشەیی، گواستنەوەی زیاتر لە نیوەی ژمارەی خوێندکارانی پۆلی ٩ بۆ ئەم خوێندنە؛ تاکو زانکۆکان باری سەرشانیان کەمتر بێتەوە و فریای بەرزکردنەوەی کوالیتی خۆیان بکەون و بتوانن کار و پسپۆریی لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن

**حەوتەم** :پلانێک بۆ گەشەی کەرتی فینانس و بانکەکان هەبێت، ئەوەش لە قۆناغی یەکەمدا بە ڕێگای چەند چەشنەکردن و زیادکردنی خزمەتگۆزارییەکانی بانک و پشتیوانی حکوومەت لەو بانکانەی کە هەنگاوی کردەنی هەڵدێنن.

**هەشتەم** :بەرپرسیارکردنی هەر شارەوانییەک لە خزمەتگوزاریی گشتی و گەشەی ژێر خانی پێویست لە شوێنی حکمرانی خۆیاندا.

**نۆیەم:** بڕیار لەسەر بەرز کردنەوەی دەوری کۆمیسیۆنەکانی پەرلەمان بدرێت، بۆ دارشتنی یاسا و باسی گشت بابەت و مەلەفی پێوەندیدار بە چارەنووسی وڵات لەگەڵ کابینەدا.

**دەیەم:** بڕیار لەسەر کاری کابینە وەک یەک تیم بدرێت، بە یەک بەرنامە و یەک سەرۆک وەزیرەوە.

**یانزەیەم:** دیاریکردنی چەند هاوکار و وەزیرێک وەک کابینەی "بچووک" بۆ ئەو کاتانەی سەرۆک وەزیر لە وڵات نەبێ یان وڵات تووشی قەیرانێک بووبێت.

**دوانزەیەم** :چەسپاندنی ئەم پرێنسیپە؛ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتانە لە وەزارەتی جیاوازدا دەبێ ڕا وەرگرتن هەبێت لە سوودمەندان و زەرەرمەندانی هەر سیاسەت و کار و پرۆژەیەکی وەزارەت کە ئەنجام بدرێ. ئەمە خۆی لە ڕاستیدا جەوهەری ئەو ئەلتەرناتیڤەیە کە پێیدەگۆترێ پلاندانان بە مانای پێکهێنانی تەوازون لە نێوان بەرژەوەندی جیاوازدا.

**سێزدەیەم:** بۆچوونی جۆگرافیایی و دیتنی گشت ڕووبەریی کوردستان وەک مەیدانی کار و بەرپرسیارییەتی حکوومەت گرینگە، نموونە بۆ ڕوون بوون لە سەر ئەم بیرۆکەیە، لە نێوان گرینلاند (هەولێر) لە بەرانبەر هۆتێل خانزاد و مەسیف، گوندێکی بچووکمان هەیە بە ناوی "ئۆخسەر" خەڵکی هەژارن کە دەستیان بە خزمەتگۆزاریی تەندروستی ناگات، لەم گوندەدا ژمارەی مردنی منداڵی ژێر تەمەن پێنج ساڵان لە وڵاتی کۆنگۆ بەرزترە! ئەم نموونەیە ڕەنگە گرینگی پەرسپێکتیڤی جۆگرافیایمان بۆ ڕوون کاتەوە لە کاتی بیر کردنەوە و پلاندانان‌دا بۆیە:

- لەپێناوی گەشەی ئابوری هاوسەنگ لە گشت هەرێمدا؛
- لەپێناوی دابینکردنی ئاسایش لە گشت هەرێمدا؛
- لەپێناوی چەسپاندنی هەژموونی حکوومەت لە گشت هەرێمدا؛

پێویستە ناوچەی گەرمیان، سلێمانی و هەڵەبجە (بووە بە عوقدەی خەڵک) لەسەر بنەمای لێکۆلینەوەی دیمۆگرافیکی وورد، بەرنامەی خزمەتگوزاریی و تێهەڵکێشکردنی بۆ ناو ئابووریی سەرانسەریی کوردستان بۆ دابرێژرێ و بخرێتە ناو لیستەی ئەولەوییاتی ئەم کابینەیە.

سیستەمی کارگێڕیی کوردستان تەمبەڵ و گەندەڵ بووە، ئەو هۆکارە نامۆیی لەنێوان حکوومەت و هاووڵاتیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکات. دواکەوتوویی سیستەمی ئیداری و دەستێوەردانی بێتامی حزبەکان لە کاری بۆرۆکراسیدا، ئەو ڕەوتە بێزارییە وەخێرا دەخات.

**چواردەیەم**: خالێکی گرنگی تر بریتییە لەبەرچاو ڕوونیەک کە سیستەمی بازاری کاری ئازاد و ئابووریی و سیاسەت پشتی پێ دەبەستێ. کاپیتالیزم بەبێ بەرچاوروونی ناتوانێ کار بکات. ئەمە پرێنسیپە و دەبێ ڕێنوێنی مۆدێلی کارکردنمان بێت. ئەگەر هاتوو ئەوە لە ئارادا نەبوو، بازار ڕادەوستێت، هەڵمسان زیاد دەبێ، گەندەڵی و شێوەی ناپاسایی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکان ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

## 5. خاڵە سەرکییەکانی ئەم پێشنیارانە بە کوورتی

1 . حکوومەت لە سەر ئەساسی یەک بەرنامەی هاوبەش پێکبێت و ئەم بەرنامەیە ببێتە بەرنامەی کاری گشت وەزارەتەکان، دارشتنی ئەم بەرنامەیە ڕێگا خۆش دەکات بۆ درووستبوونی ڕوانگەیەکی هاوبەش لە ناو حکوومەت , یەکەم میکانیزم بۆ پیادەکردنی ئەم سیاسەت و بەرنامەیە ڕێکوپێک کردنی هەیکەلی یەکەی ئیداریی ئەنجومەنی وەزیرانە، لەوێدا دەبێ سەرۆک وەزیران دوو ئەرکی ئاشکرا و ڕوونی هەبێ: یەکەم سەرۆکی ئەم یەکە ئیدارییە بێ و دووهەم سەرۆکی کابینە بێ. بۆ گەیشتن بە بەرنامەی هاوبەش لە حکوومەتدا، دەکرێ ئەم خاڵانە لەبەرچاو بن:

- گەشەپێدانی بەرچاوی بنکەی تەندروستی و بەرزکردنەوەی کوالیتییان.
- گەشەپێدانی تەندروستی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵان و دایکانی دووگیانە.
- دابینکردنی ژینگەی فیزیکی باش بۆ خۆێندکارانی پۆلی یەک هەتا نۆ.
- گەشەپێدانی خوێندنی پیشەیی سێ قۆناغی بە کوالیتی باش و بەشی ناو خۆیی مۆدێرن و مووچەی زیاتر بۆ خۆێندکاران و مامۆستایانی ئەم بەشە. بەو نیازە کە زیاتر لە ٥٠% خۆێندکاران لە پۆلی ٩دا ڕوو لەم خوێندنە بکەن.

- دامەزراندنی شەریکاتی سەر بە کەرتی گشتی لە هەموو سێکتەرەکاندا بە مەبەستی گواستنەوەی زیاتر لە ٥٠% هێزی کاری کەرتی گشتی بۆ ناو ئەم شەریکاتانە.
- دامەزراندنی سەنتەری گەشەی مرۆیی کوردستان بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی گشت ئەو کادرانەی کە بۆ ئامانجەکانی لەسەرەوە باسکران پێویستن.
- دەستنیشان کردنی زانست وەک سەرەکیترین کالاّ بۆ هاوردە کردن لە لایەن حکوومەتەوە لە سیاسەت و بیردا. زامنی سەرکەوتنە.
- جیاکردنەوەی ئەرکی سەرەکی هەر وەزارەتێک لە ئیدارە و هەیکەلی ئیداریی دابینکردن و خزمەتگوزاریی بیناسازی و ژێر خانی فیزیکی ئەو وەزارەتە. بۆ نموونە جیاکردنەوەی ئەرکی سەرەکی وەزارەتی پەروەردە کە بریتییە لە خوێندن، پلانی خوێندن و کوالیتی خوێندن، لە ئەرکی دابینکردنی قوتابخانە و خزمەتگوزاریی قوتابخانەکان.
- دەبێ لەو حکوومەتەدا دادپەروەری یان عەدالەت ڕەچاو بکرێ، ئەویش بە مانای هاوچەرخ، نەک بەو مانا کۆنەی کە لە هەموو حاڵەتێکدا عەدالەتێکی ڕووکەش جێبەجێ بکرێ، بەڵکو پێویستە عەدالەت لە چوارچێوەی پلانێکی گەشەسێنەردا بێت کە فرسەتی کار و بەشداری بۆ هاووڵاتیان دەرەخسێنێت.

٢. زۆربەی گرفتەکان گرێدراون بە دەخالەتی حزب لە کار و باری دەسەڵاتی تەنفیزیدا. ئەم گرفتە دیارە درێژخایەنەو ماوەی پێویستە تا چارەسەر بکرێ، هۆی ئەو دەستێوەردانە دەگەڕێتەوە سەر بەرژەوەندی جیاوازی ناو حزب خۆی. تەنیا چارەسەر هەبوونی پلانێکە بۆ بەرزکردنەوەی کوالیتی ئەو کەسانەی لە حکوومەتدا کاردەکەن. پێویستە پشوو درێژبین لە چارەسەریی ئەم پرسەدا، هاوکات یەکەی ئیداریی ئەنجوومەنی وەزیران خاوەن مەرکەزییەتێکی بەهێز بێت، سەرەڕای دابەشکردنی کار بە ڕوونی لە ناو بەشەکانی خۆیدا.